# کارو چالاکی یەکانی فدراسیۆن دژ بەناردنەوەی زۆرە ملی پەنابەران دریژەی هەیە:

لەڕاستای کەمپینی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دژ بەگێرانەوەی پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا، فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەران زنجیرەیەك کارو چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامدا بۆ ڕاگرتنی سیاسەتی دژ پەنابەری دەولەتی بەریتانیا، وەك بەرێخستنی خۆپشاندان ونارەزایەتی لەچەند شاردا، تا کەمپینی کۆکردنەوەی ئیمزا لە پەنابەران وخەڵکی ئازادیخوازی بەریتانیا وبلاوکردنەوەی فۆرمی شکایەت نامە لە دەولەتی بەریتانیاو پەیوەندی بە رێکخراوە ئینسانی وپەنابەریەکان وهەروەها پەیوەندی بەیەکیتی کرێکاریەکانی بەریتانیا، نامە بەوەزیرو و بانگەواز بە رێکخراوە ئینسانی وپەنابەری وچەپەکان، فشار خستنەسەر دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ بلاو کردنەوەی دەنگی نارەزایەتی پەنابەران کەسەرئەنجام هەوالەکانی لەنیو دەزگاکانی راگەیاندن بلاو کراوەتەوە، هەروەها سەردانی گیراوەکان وبەردانی چەندکەسێکیان وپاریزەرگرتن بۆ ئەو پەنابەرانەی لەگرتووخانە دەست بەسەرەکان کە بەهەدەفی ناردنەوە دەستگیرکرابوون، نامە بەئەندام پەرلەمانەکان و، بەرێخستنی دیدار بەچەند لایەن بەهەدەفی بەدەستهینانی پشتیوانی، کە بەرهەمی ئەم کارو چالاکیانە حکومەت لەهەنگاوی یەکەمدا سیاسەتی ناردنەوەی بۆ ماوەیەك ڕادەگرێ لەخوارەوە لەدرێژەی چالاکیەکانەی فدراسیۆن ئاگادارتان دەکەینەوە.

1. خۆپشاندانەکانی فدراسیۆن دژ بەگیرانەوەی پەنابەران لەشاری نوتین هام، مانچستەر و لەندەن، لیدز و بەشداری لەخۆپشاندانەکانی شەفیلد و برادفۆروکاردیف:

• رۆژی 20-8 کات ژمیر 12 نیوەرۆ پەنابەران لەبەردەم بارەگای (BBC) کۆبوونەوە بەهەدەفی گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی پەنابەران بۆ نیو ناوەندەکانی راگەیاندن و میدیاو و لەرێگەیەوە ڕاکیشانی بیروڕای گشتی و پشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا لە پەنابەران کە لەچەند ڕۆژ لەوەو پێشترەوە کەنالی بی بی سی تەبلیغات و ڕووکاری ناراستی سیاسەتەکانی وەزرارەتی ناخۆی لە گرتنی پەنابەران ودیمەنی کوردستانی نیشان ئەدا کە ئەمنەو قسەکەرانی دەولەتی هینایە پێش شاشەکانیان بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەپێچەوانەوە فدراسیۆن بۆ خستنە ڕووی ڕاستی یەکان ودژ بەو پێشلکاریانەی کەدورە لەهەر پرانسیپێکی نیو دەولەتی ومافی مرۆڤ، کە دەولەتی بەریتانیا گەرەکیەتی پەیرەوی لێ بکات پەنابەران کۆبوونەوە بەدرۆشمی (نا بۆ گەرانەوە، کوردستان نائەمنە، ئێمە نامەنەوێ بگەرینەوە بۆ نائەمنترین شۆینی جیهان، بی بی سی هەواڵی راستی یەکانی نائەمن بوونی کوردستان بلاوبکەنەوە، مافی پەنابەری مافی ئینسانە) لەگەڵ چەندین لافیتەوەو پلاکارتی رازاوە، کە شەقامەکانی پڕکردبوو لەدەنگی نارەزایەتی پەنابەران لەپێناو بەشکست کێشانی سیاسی دیپۆرت کردنەوە.

پەیتا پەیتا پەنابەرانی کورد لەشارە جۆراجۆرەکانی بەریتانیاوە ریزەکانی یەکگرتووی خۆیانیان هینابۆیە مەیدان و رێگای دوریان بریبوو بۆ پەیوەست بووە بەو خۆپشاندانە نارەزایەتیانەی فدراسیۆنەوە، لەم خۆپشاندانانەدا (دەشتی جەمال) قسەوباسی کرد لەسەر لایەنە تاڵەکانی دیپۆرت کردنەوە و ئاکامە زیان بارەکانی و چوونیتی رووبەرووبوونەوە بەرامبەر بە سیاسەتی گەرانەوە و ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان وهەروەها ئەو چالاکیانەی کەلەو پێناوەدا دەبریتە پێشەوە. پاشان چالاکیکانی داهاتوو ی فدراسیۆنی لە هێنانی پشتیوانی ئەندام پەرلەمان و رێکخراوە ئینسانەکان خستەروو، هاوکات (جین

لامبیرت) لەحزبی سەوزی بەریتانیا و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا کە لەو خۆپشاندانەدا ئامادەبوو، ئەو پەری پشتیوانی خۆی راگەیاند لەخواستەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی و وبەڵێنیاندا پشتیوان بن لەپاڵ فدراسیۆن بۆ سەرخستنی چالاکیکانی دژ بەدیپۆرت کردنەوەو بەدی هینانی خواستەکانی پەنابەران. هەمان رۆژ خۆپشاندەران روویان کردە بارەگای گەورەی (BBC) ی سەرتاسەری هەر لەوی دوای قسەو باسی بەرپرسی فدراسیۆن لەگەل کارمەندان ناچار بوون لەخۆپشاندەران راپۆرت ئامادەبکەن و بەلێنیان دا هەواڵەکانی بلاو بکەنەوە.

•شاری نوتین هام هەمان رۆژ فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری نوتین هام لەگەڵ چەند رێکخراوی پەنابەری وئینسانی لەو شارەدا هاوشان بەخۆپشاندانی لەندەن گەورەترین خۆپشاندایان لەناوەراستی ئەو شارەدا ئەنجام دا بۆ بەرگری لەپەنابەری کورد و دژ بەسیاسەتی دەستگیرو دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران و کە دەیان پەنابەرانی کورد لەم خۆپشاندانەدا بەشداریان کرد.

(جاسم غفور) بەرپرسی فدراسیۆن لەو شارەدا قسەو باسی کرد سەرباری پیَ داگری لەبەردەوامی ئەم کەمپینە، لەسەر ئەوزاعی عیراق و کوردستان وادعای ئەمن بوونی کوردستانی بە درۆ خستەوەو لەسەر کاری پێکەوەی وهاوکاری وهاوپشتی ورێکخراو بوونی پەنابەران تاکیدی کردو هەمان ڕۆژ کەنالی تەلەفزیوونی بی بی سی میدلانس بە جاسم غفور چاوپێکەوتنی کرد لەسەر خواستەکانی ئەو خۆپشاندانە. شایەنی باسە لەم خۆپشاندانەدا 600 ئیمزا بۆبەرگری لەپەنابەران وپشتیوانی لەبەدەستهینانی مافەکانیان دژ بەسیاسەتی دیپۆرتکردنەوە کۆکرایەوە.

•رۆژی 26-8-2005 کات ژمیری 12 پاش نیوەڕۆ فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا هەستا بە بەرپاکردنی خۆپشاندانێکی نارەزایەتی دەربرین لە لەندەن لەبەردەم هۆم ئۆفیس، خۆپشاندەران بە درۆشمی (سیاسەتی دژ ئینسانی دیپۆرت کردنەوە ڕاگرن) ، (مافی پەنابەری مافی ئینسانە) (پەنابەرانی کورد دەڵین نامانەویت بمان نیرنەوە. . . کوردستان وعیراق نائەمنە) . . . بەگەورەی بەردەم هۆم ئۆفیس داگرتبوو، هاوکات کەنالەکانی راگەیاندنیش بەردەوام خەریکی راپۆرت ئامادەکردن بوون لەسەر خۆپشاندانەکە.

وەفدیکی فدراسیۆن کە پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال، نوری بەشیر، جاسم غفور، Annette) روویان کرد هۆم ئۆفیس و لەگەل نۆینەر هۆم ئۆفیس کەوتنە گفتووگۆ دژ بەسیاسەتی گەرانەوەی پەنابەرانی کورد، وە ماوەی 8 ڕۆژ دانرا لەلایەن فدراسیۆنەوە لەحالەتی وەلام نەدانەوە، بەهۆم ئۆفیس راگەیەنرا خۆپشاندانی نارەزایەتی بۆ خستنەرووی سیاسەتی دژی پەنابەری دەولەتی بەریتانیا لەچەند وولاتی ئەورپی خۆپشاندان دەکریَ لەبەردەم سەفارەتەکانی بەریتانیا وپەرلەمانی ئەوروپا، لەکۆتای کفتوگۆدا نزیك بە (2000) هەزار ئیمزای نارەزایەتی پەنابەران ورێکخراوە ئینسانی و یەکیتی کرێکاریەکانی بەریتانیا کە خواستەکانی پەنابەرانی کورد و عیراقی تیا هاتبوو لەگەل نامەی (دەشتی جەمال) بۆ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا (Charles Clarke) تەسلیم کرا سەرئەنجام نۆینەری هۆم ئۆفیس بەڵینیان دا ئەو راسپاردانە بگەیەنن و وەلام بدەنەوە.

•رۆژی 8-9 فدراسیۆن لە شاری لەندەن و هلسنکی فنلندا خۆپشاندانیکی نارەزایەتیان بەرپاکرد دژ بە بریاری دیپۆرت کردنەوە. لە لەندەن خۆپشاندەران جاریکی تر روویان کردە بەردەم وەزارەتی ناخۆ بەچەندین درۆشمی جۆراجۆری عیراق وکوردستان نائەمنە! مافی پەنابەری ومافی نیشتەجیَ بوون بە پەنابەرانی کوردو عیراقی. مافی پەنابەری مافی ئینسان، نا بەدیپۆرت نا بە گرتووخانەی دەستبەسەر، لەلایەن خۆپشاندانەوە دەوترایەوە،

نۆینەری چەند رێكخراوی ئینسانی وپەنابەری ولایەنی سیاسی لەم خۆپشاندانەدا بەشداریان كردوە لەنیو سایت ورۆژنامەكانیان هەواڵی ئەم خۆپشاندانەیان بلاوكردبووە كە تاكاتی ئەم خۆپشاندانە دەیان پەیامی پشتیوانی لەخواستەكانی كەمپینی فدراسیۆن لەلایەن ئەندام پەرلەمان و رێكخراوەكانەوە بەدەست گەیشتبوو. پاشان وەفدێكی فدراسۆن پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال، ئارن كەندانی) روویان كردە هۆم ئۆفیس لەگەڵ (پیتەر) نۆینەری نیراوی لەلایەن هۆم ئۆفیسەوە گفتووگۆیان كرد (داوای دەست بەجێ بەردانی گیراوەكان و هەڵوەشاندنەوەی بریاری گەرانەوەی پەنابەران بەرەسمی نەك راگرتنی و داوای كردنەوەی مەلەفی پەنابەرانیان كرد وەدانی مافی پەنابەری و نیشتەجێ بوون بە پەنابەران و گیرانەوەی مافەكانیان وەك شەرەوەندێكی بەریتانی و هەروەها داوای وەلامی نامەیەك كە پشتر بەرپرسی فدراسیۆن ئاراستەی هۆم ئۆفیس كردبوو وە، نزیك بە 500 ئیمزای كە خواستەكانی (هەڵوەشاندنەوەی بریاری گەرانەوەی پەنابەران دەست بەجێ، دانی مافی پەنابەری بەپەنابەرانی كوردو عیراقی بەعنوانی قوربانیان جەنگ ونائەمنی، بەردانی گیراوەكان، گیرانەوەی تەواوی خزمەتگوزرایەكانی بە پەنابەرانی تیاهاتبوو) تەسلیم بە نۆینەری هۆم ئۆفیس كرا، ئەوان رایان گەیاند لەزووترین كاتدا وەلامی داواكان دەدەنەوە وفدراسیۆن رای گەیاند كەمپینی فدراسۆن راناوەستێ دا بەدەستهینانی تەواوی مافەكانی پەنابەران.

•فیدراسیون لە فنلاند هەستا بە سازدانی خۆپیشاندانێك بۆ پشگیری كردن لە ماف وداخوازیەكانی پەنابەرانی كورد لە بەریتانیاو راوەستانەوە دژ بەسیاسەتە نائینسانی حكومەتی بەریتانیا لەپەیوەند بەناردنەوەیان بۆ كوردستانی عیراق. سەرەتا سكرتاریەتی فیدراسیون ڕاگەیاندنێكی لەسەر كیشەی پەنابەرانی كورد لەبەریتانیا دەركرد بە زمانی فنلاندی و ناردی بۆ دەزگاكانی راگەیاندن وحزب وریكخراوەكان بۆ پەرلەمانی حكومەتی فنللاند. پاشان دواتر ریبوار عارف كۆبوونەوەیەكی لەگەل تۆری دژی شەری فنلاند سازدا كە تیدا زیاتر لە 10 نووینەری ریكخراوە سیاسی و جەماوەریەكانی فنلاندی تیدا بوو، كەدوابەوای قسەوباسكردنیك لەسەر سیاسەتی دژی پەنابەری حكومەتی بەریتانیا مەسەلەی ناردنەوەی پەنابەران بۆ كوردستان بە گشتی وەك شەبەكەی دژی شەر چوونە پیشت داخوازیەكانی فیدراسیون و بەم كەمپینەوە پەیوەست بوون. هەروەها ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ سەفارەتی بەریتانیا لەهیلسنكی پەیوەندی كردن لەگەلیان لەپەیوەند بە كیشەی پەنابەران و بریاری گەرانەوەیان لەلایەن حكومەتی بەریتانیاوە قسەوباسی كرد. جێگەی ئاماژەیی كردنە چەندین حزب ولایەن پشتگیری كردنی خۆیان بۆ داواكاریەكانی فیدراسیون ولغوكردنەوەی دیپورت كردنەوەی پەنابەران دەربڕی و هەروەها هەمان كات كە خۆپیشاندان لە ناوەندی شاری هلنسیكی دا بەرپا كرا لەپال بلاوكردنەوەی سەدان ئەوراقی تەبلیخاتی بەهەردوو زمانی فنلاندی وئیگلیزی هەروەها دوو ڕادیوی سەرتاسەری چاوپیكەوتنیكیان لەگەل ریبوار عارف سكرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سازكرد كەبەوردی لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراق ومەسەلەی دەستوورو نائەمنی عیراق بەكوردستان یشەوە قسەو باسی كردو هاوكات پەردەی لەسەر سیاسەتی دژی پەنابەری حكومەتی بەریتانیا هەلمالی وئامانجەكانی خۆپیشاندانەكەی روونكردوە.

•رۆژی 25-08-2005 لە شاری مانچستر فدراسیۆن هەستا بەسازدانی خۆپشاندانێكی نارەزایەتی دژ بەناردنەوەی پەنابەرانی كورد، بەبەشداری چەندین پەنابەری كوردو خەلكی چەپ وئینسان دۆستی ئەوشارە، خۆپشان دەران بەهەڵبرینی درۆشم وپلاكارتی نارەزایەوە دژ بەسیاسەتی نادنەوەی زۆرەملی وپێشل كاریەكانی حكومەتی بەریتانیا

بەرامبەر بە مافەکانی ئینسان وپەنابەران، لەگەل خۆیان هەڵگرتبوو لەبەردەم پیکادلی گاردن بەشێوەیەکی شارستانیانە.
پاشان (بورهان فەتاح) بەرپرسی فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەرو ونۆینەری فدراسیۆنی سەرتاسەری لەو شارە پەیامی فیدراسیۆنی سەرتاسەری بە خۆپیشاندەران راگەیاند و جەختی لەسەر هاوپشتی و هاوخەباتی ویەکگرتووی پەنابەران و رێکخراوە ئینسانی کانی کردوە لەپێناو داکۆکی و بەرگری لەمافی نیشتەجێ بوون وبەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کوردو عیراقی.
بە 10یەها خەلکی ریبواری ئەوشارە پەیتا پەیتا پەیوەست دەبوون بە خۆپشاندانەکە و هووتافەکانی (کوردستان نائەمنە، مافی پەنابەری مافی ئینسانە. . . مافی پەنابەری بۆ پەنابەران. . . ئێمە نامانەوێ بمان نیرنەوە دەووتەوەو ئیمزایان خۆیان دەدا لەخواستەکانی پەنابەران کە لەفۆرمەکەدا هاتبوو بۆ (بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کوردو عیراقی و کردنەوەی مەلەفەکانیان و ئازاد کردنی گیراوەکان دەست بەجێ) دەکرد. لە سۆشسالیست ئەلاینسی ستۆکپۆرتەوە، جۆن پیرسن دەیفید بە نوینەرایەتی هاتبوون و لافیتەیان هینابوو و ئیمزایان کۆدەکردەوە. چەند کەسایەتی تر ئامادەبووبوون لە رەفیووجی ئاکشنەوە کە بەشێوەی سەربەخۆ لە ریکخراوەکەیان پشتیوانیان لە داواکاریەکانی ئەم خۆپشاندانە نارەزایەتی یە دەکرد.
•رۆژی شەمە لەشاری شەفیلد خۆپشاندانێکی گەورەی پەنابەران لەم شارە بەرێ کەوت کەنزیك بە 500 کەس تیا بەشداری کرد دژ بەسیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران، کەژمارەیەکی بەرچاو لە نۆینەرانی یەکیتی کرێکاریەکانی بەریتانیاو رێکخراوە چەپەکان تیا بەشداربوون وە هەروەها نۆینەری رەسمی فدراسیۆن لەم خۆپشاندانەدا قسەوباسی کرد.
سەرەتا خۆپشاندەران بەرێپیوان بەرێ کەوتن بۆ سەنتەری ئەوشارە وپاشان لەبەردەم شارەوانیەکەیدا خۆپشاندەران کۆبوونەوە و بەدەیان درۆشمی دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی وداوای داخستنی گرتووخانەی دەست بەسەرو وسیاسەتی دیپۆرت کردنەوە لەلایەن خۆپشاندەرانەوە هەڵگیرابوو، شیعاری جۆراجۆر کە هاوپشتی لەگەل پەنابەران دەردەبری دەووترایەوە.
لەم خۆپشاندانەدا (بورهان فەتاح) بەرپرسی فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر وبەنۆینەرایەتی فدراسیۆن قسەو باسی پێشکەش کرد پاش بەخیرهاتنی ئامادەبووان باسی لەسیاسەتی نائینسانی و راسیستی حکومەتی بەریتانیاکرد رای گەیاند دەبێ بوەستینرێ لەکۆتای قسەو باسەکانیدا تاکیدی کرد کە ئەم خۆپشاندانە دوا کارو هەنگاوی ئێمە نابێت تا بەدەست هینانی مافەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی بەردەوام ئەبین.
•شاری برادفۆرد رۆژی 28-8-2005 کات ژمیر 2 تا 4 خۆپشاندانێکی گەورە لەشاری برافۆرد بەرپا کرا دژ بەسیاسەتی گیرانەوەی پەنابەران، لەم خۆپشاندانەدا (بورهان فەتاح) بەرپرسی فدراسیۆن پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر بەشداری کرد وبەزمانی کوردی وئنگلیزی دژ بەناردنەوەی زۆرەملی پەنابەران قسەو باسی کردو لەسەر کارو چالاکیەکانی فدراسیۆن لەو پێناودا تاکید کردو جەختی لەسەر کاری رێکخراوەی ویەکگرتووی پەنابەران کرد بەپشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا.
•دووبارەی شاری شەفیلد رۆژی شەمە 9-3 پەنابەران بەپشتیوانی چەند رێکخراوی ئینسانی و یەکیتی کرێکاری یونسۆن خۆپشاندانی نارەزایەتیان بەرپاکرد، بورهان فەتاح بەرپرسی فدراسۆن لەشاری مانچستەر بەنۆینەرایەتی فدراسیۆنی سەرتاسەری بەشداری کرد و بەزمانی کورد و ئنگلیزی لەسەر کارەکانی ئایندەی دژ بەگیرانەوەی پەنابەران و

ئیدعاکانی دەولەت بە ئەمن بوونی کوردستانی دایە بەر رەخنەو وبریاردا کەمپینی بەرگری لەپەنابەران لەو شارە بەردەوام بێت.
•شاری لیدز: رۆژی شەمە 9-17 لەشاری لیدز پەنابەرانی کورد لەدریژی کەمپینی فدراسیۆن بۆ بەرگری لەخواستە ئینسانی یەکانیان لە بەدەم شارەوانی ئەو شارەدا خۆپشاندانی نارەزایەتیان کرد کات ژمیر 2-4 ئێوارە، لەم خۆپشاندانەدا (سۆشیالیست ئەلاینس، ریسپیکت، کەمپینی دژ بەدیپۆرت کردنەوەی پەنابەران لەو شارە) بەهەدەفی پشتیوانی لەخواستەکانی پەنابەرانی کورد بەشداری چالاکانەیان کرد، خۆپشندەران بەدرۆشمی (نا بۆ سنورداشکردنەوەی زۆرەملی، کوردستان نائەمنە، بەلی بۆ بەردانی گیراوەکان و مافی نیشتەجێ بوون. لەگەل خۆیان هەڵگرتبوو، (بورهان فەتاح) بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەمانچستەرو و بەنۆینەرایەتی فدراسیۆنی سەرتاسەری وەك رێکخەری ئەم خۆپشاندانە بەزمانی ئینگلیزی و کوردی لەسەر ئاکامە زیان بارەکانی گیرانەوەی پەنابەران و ئەوزاعی سیاسی و نائەمنی کوردستان قسەو باسی پێشکەش کرد.

2 - شەوی هاوپشتی لەگەل پەنابەران:

لەدریژەی کەمپینی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دژ بە گیرانەوەی زۆرە ملی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا، وهاوکات لەپیناو راکیشانی هاوپشتی هەرچی زۆرتری ئەحزاب و ریکخراوە ئیسنانییەکان و کەسایەتییەکان بۆ خواستەکانی پەنابەران و فشار هینان بۆ حکومەتی بریتانیا، شەوێکی هاوپشتی لەگەل پەنابەرانی کوردی عیراقی لە لەندەن بەرپا کرا.
لەم شەوەدا (ئیبراهیم محمد) لەوتەیەکدا ئامانج و گرنگی شەوی هاوپشتی بۆ ئامادەبووان روون کردەوە و تیدا ئاماژەی بەپیویستی ریکخراوبوون ویەکگرتووی ریزەکانی پەنابەراندا وهەروەها لەبارەی هەولدان بۆ توندو تۆڵ کردنەوەی کاری پێکەوەیی و هەولدان بۆراکیشانی هاوپشتی یەکیتییە کرێکاری یەکان و رێکخراو ولایەنە ئینسانی یەکانی بەریتانیا لەکەمپینی فدراسیۆن پیداگریکرد.
پاشان (دەشتی جەمال) بەرپرسی فدراسیۆن قسەو باسێکی کرد لەسەر سیاسەتی ناردنەوەی زۆرە ملی وراگرتنی پەنابەران لەگرتووخانەکان وهەروەها ئاماژەی بە کۆمەلەی ئەو کارو چالاکیانەدا کەفدراسیۆن لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا بەدژی ئەم سیاسەتەی دەولەت کردونی پاشان بەسەرنجدانی لە ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان و هۆکارەکانی ئاوارەیی، دەیان بەلگەی لەراستای بەدرۆخستنەوەی تەبریراتەکانی حکومەتی بریتانیا، خستەروو. لەدریژەیقسەوباسەکاندا دەشتی جەمال لەبارەی وەزعی ناهەمواری پەنابەرانەوە دووا لاپەرەکانی هەمووئەو بیرەوەری ورۆژگارە تالانەی هەلدایەوە کەگۆشەی ترسناك و ناهەموارەکانی ژیانی پەنابەریان وێنە دەکرد چ لە کاتی سەفەرو چ دوای نیشتەجی بوونیان لە وولاتی بەریتانیا. پاشان تەئکیدی لەوەکرد کە مافی پەنابەری و هەقی نیشتە جێ بوون مافی رەوای هەموو پەنابەریکەو ئەمەش دەستکەوتێکە کەبەخەباتی چەپ و ئازادی خوازی ئەم وولاتانە بەدەست هاتووە وئیستاش بۆ سەپاندنەوەی دەبی پەنابەران هەول و تیکۆشانی خویان گرییدەنەوە لەگەل رێکخراوە پەنابەری وئینسانی ویەکیتی کرێکاریەکان وهەموو ئەو ئینسانە ئازادیخوازانەی مەسەلەی پەنابەران بەمەسەلەیەکی ئینسانی دەبینن.
لەبەشێکی تری بەرنامەکانی ئەوە شەوەدا پەیامی چەندین لایەن خویندرایەوە لەوانە بەریز (خەسرەو سایە) ، لەووتەیەکدا پەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقی پیشکەش کرد و پشتیوانی بۆ خواستەکانی پەنابەر و کەمپینی فیدراسیۆن راگەیاند. بەدوای ئەودا پەیامی جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپاو پەیامی جان مکدونالد ئەندامی

پەرلەمانی بەریتانیاو و کەمپینی دژ راسیزم و فاشیزم خویندرایەوە، پاشان پەیامی (سەوسن سەلیم) بەرپرسی رێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کورد پیشکەشکرا وئینجا جەمال کەمانگەر، لەوتەیەکدا پەیامی پشتیوانی رێکخراوی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی پیشکەش کرد.

• شەوی هاوپشتی لەگەل پەنابەرانی کورد لەشاری مانچستەر:

شەوی 7-9 فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر هەستا بە گیرانی شەوێکی هاوپشتی و کۆبوونەوەی گشتی لەگەل پەنابەرانی کورد، کە (بورهان فەتاح) بەرپرسی فدراسیۆن لەسەر ئاکامە زیان بارەکانی سیاسەتی گیرانەوەی زۆرەملی پەنابەران و ئەوزاعی نائارامی عیراق و کوردستان قسەو باسی کرد و لەسەر زەرووڕەتی یەکگرتووی و رێکخراوەی ریزەکانی پەنابەرانی پێداگری کرد، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا 10 پەنابەر خۆیان هەڵبژارد بۆ وەرگرتنی پۆستەکانی داهاتووی کاری فدراسیۆن و بەریوەبردنی کەمپینی فدراسیۆن لەو شارەدا و چەندین کەس ئەندامەتیان لەفدراسیۆنی پەنابەران راگەیاند.

3- سەردان و دیدارەکان بەهەدەفی راکیشانی پشتیوانی بۆ کەمپینی فدراسیۆن دژ بەگیرانەوەی زۆرەملی و مافی نیشتەجێ بوون:

• رۆژی 2-9-2005 لەدیدارێکی وەفدێکی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کە پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال، خەسرەو سایە، ئارن کەندنانی) لەبارەگای حزبی سەوزی بەریتانیا چاویان کەوت بە (جین لامبیرت) ئەندامی پەرلەمانی ئەورپا بۆ قسەو باس لەسەر سیاسەتی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کورد وعیراقی.

سەرەتا وەفدی ناوبراو بەدریژی لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان لەژیر سایەی داگیرکاری ئەمریکاو بەریتانیاو سیناریوویەکی رەش کە دایان سەپاندوە بەسەر کۆمەڵگای عیراق و دەوری ئیسلامی سیاسی لەتیکدانی شیرازەی کۆمەڵگای مەدەنی عیراق و حکومەتی ئیستا کە دەیانەویت لەرێگای دارشتنی دەستورێکی ئیسلامی قەومی ودابەشکردنی کۆمەڵگایەکی 25 ملیونی لەسەر ئەساسی (شیعە و سونە کورد) و ئاکامە زیان بارەکانی بۆ داهاتووی عیراق لەشەری ئەهلی و ئاوارەی زیاتر باس لێ کرد. لەبەشێکی تری قسەو باسەکاندا باس لەئەوزاعی سیاسی کوردستان و نائەمنی وناسقراری و ئایندەی خەڵك کە لەژیر سایەی هەردوو حزبی دەسەلاتدار کە دەیانەویت خەڵکی کوردستان بخنەوە ژێر پەرجەمی دەولەتێکی ئیسلامی قەومی و خەتەری داهاتوو بۆ خەڵکی کوردستان، هاوکات رێگا چارەی سەربەخۆی کوردستان وکۆمەڵگایەکی ئارام وئینسانی کە خەڵکی کوردستان ناچار بەئاوارە بوون نەبێ دایە بەر باس و کفتووگۆ وە هەروەها لەسەر ئەوزاعی پەنابەران لەبەریتانیا وگرتن و راونان وراگرتنی پەنابەران لەگرتووخانە دەست بەسەرەکان بێ هیچ تاوانێك و پێویستی بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری و هەقی نیشتەجێ بوون بۆیان وەك مافێکی سەرەتای و قوربانی ئەو بارودخە سامناکەی عیراق و کوردستان باس کرد، هاوکات فدراسیۆن باسی لەو چالاکی وپشتیوانیانە کرد کە لەو پێناوەدا گیراوەتە بەر بۆ بەرگرتن بەسیاسەتی گیرانەوەی پەنابەران و بەرسمیت ناسینی مافی پەنابەری. جین لامبیرت لەگەڵ دەربرینی ئەو پەری نارحەتی لەوکردەوانەی حکومەتی بەریتانیا بریاری دا پشتیوانی لەکەمپینی فدراسبۆن بکات وە هەفتەی داهاتوو کە کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئەورپا هەیە و وەزیری ناخۆی بەریتانیا (چارلس کلارك) بەشداری دەکات لەسەر مەسەلەی تیرۆریزم، جین لامبیرت کیشەی پەنابەرانی کوردو عیراقی دەباتە ئەوێ و پشتیوانی بۆ پەیدا دەکات، هاوکات لەدوو هەفتەی ئایندەدا کۆنفرانسی حزبی سەوزی بەریتانیا هەیە لەویش ئەو کیشەیە باس بکات بۆ پەیداکردنی پشتوانی بۆ راگرتنی سیاسەتی گەرانەوەی پەنابەران، وە نامە نارەزایەتی ئاراستەی هۆم

ئۆفیس کرد کە تیادا نارەزایەتی خۆی دەردەبڕێ و داوای مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی تیا داوا دەکات و بەلینی دا لەو کارانەی بەرێوەی دەبات فدرسیۆن ئاگادار بکاتەوە.

• رۆژی 25-8 لە بارەگای یەکیتی کرێکاری (amicus the union) کە یەکیکە لەگەورەترین یەکیتی کرێکاریەکانی بەشی ئەلکترۆونی بەریتانیا یەك ملیون 200 هەزار ئەندامی هەیە، (دەشتی جەمال) یان بانگ کرد بۆ کۆبوونەوەیەکی خۆیان کە ئەندامانی ئەم یەکتی کرێکاریە لەبەشەکانی رفیوجی ئەکشنو رفیوجی کنسل ورێکخراوەکانی ترەوە هاتبوون، دەشتی لەسەر بارودۆخی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا وسیاسەتی گیرانەوەی پەنابەران بەدوای کارەساتەی تەقینەوەکانی لەندەن لەپال هیرش بۆ مافەمەدەنی یەکانی خەلّی بەریتانیا قسەو باسی کرد وئەوەی هینایەوە یاد کە خەلّکی ئازادی خوازی بەریتانیا و یەکیتی کرێکاریەکان چۆن بە ملیون کەوتنە سەرجادە دژ بەسیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکاو بەریتانیاو بۆمبارانکردنی مندالانی عیراق و داگیرکاری و سیناریوویەکی رەش کە کردویانەتە نسیبی خەلّکی عیراق، هاوکات باسی لەفدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانو کۆنگرەی ئازادی عیراق و رێکخراوەکانی ژنان و پێویستی دەعمی ئەم جەبهەئینسانی لەعیراقدا وەپێداگری لەسەر مافی نیشتەجێ بوون بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی و پێویستی هاوپشتی و کەمپین بەرێ خستن لەو راستایەدا کرد، دوای ئەوەی هەموو لایەك ئیمزای کەمپینی فدراسیۆنیان راگەیاند بریاریان دا لەنیو یەکتی کرێکاریەکانی تریش پشتیوانی بۆ کەمپینی فدراسیۆن دژ بەگیرانەوەی پەنابەرانی کورد پەیدا بکەن.

• هەمان رۆژ 25-8 دەشتی جەمال چاوی کەوت بە ئارن کەندانی لەکەمپینی دژی راسیزم وەفاشیزم کە هەمیشە لەپال بەگری لەمافەکانی پەنابەرانی کورد وعیراقی بوون، لەم دیدارەدا قسەو باس تاوتۆی کرا لەسەر کەمپینی فدراسیۆن دژ بەگیرانەوەی زۆرەملی پەنابەران وبەتەواوی تواناوە رێکخراوی ناوبراو سەرباری ئیمزای خۆیان دا لەکەمپینی فدراسیۆن تەواوی چالاکی یەکانی فدراسیۆن لە خۆپشاندانی پەنابەرانو و کارەکانی تر یان لەسایتەکانی خۆیان بلاوکردەوەو و چاوپێکەوتنیان لەگەل پەنابەرانی کورد لە سایتی خۆیان (irr) بلاوکردەوە.

• قسەو باسی تەلەفوونی و ناردنی نامە بۆ (جان مکدونالند) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و پەیامی خۆیان دا لەپشتیوانی لەکەمپینی فدراسیۆن دژ بەناردنەوەی پەنابەران.

• ناردنی نامە بۆ یەکیتی کرێکاری (TUC ،NUJ ،CWU ،PCS ،T&G) رابەرانی یەکیتی کرێکاری هاتووچۆ وپەیوەندیەکان وژوورنالیستان، چەند بەشی یەکیتی کرێکاری سەرتاسەری بەریتانیا وداوای یان لێ کرا هاوپشتی لەکەمپینی فدراسیۆن دژ بە ناردنەوەی پەنابەران کەپێشتر لەکارو چالاکیەکانی فدراسیۆن بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کوردو عیراقی پشتیوانیان کردەو پشتیوانی بکەن و نامەی نارەزایەتی ئاراستەی هۆم ئۆفیس بکەن.

• لەسەر داوای رفیوجی کنسل رۆژی 12-9 لەبارەگای ئەو رێکخراوەیە (دەشتی جەمال، ئارن کەندانی) چاویان کەوت بە بەریز (فازل کاوانی، Bob) لەسەر کەمپینی فدراسیۆن و کاری پێکەوی لەسەر سیکشنی 4 قسەو باسیان کرد، دوای ئەوەی فدراسیۆن لەسەر سەرەتای دامەزراندی رێکخراوی فدراسیۆن کارەکانی چەند سالی رابردووی لەپێناوی بەدەستهینانی مافی پەنابەری و هەقی نیشتەجێ بوون بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی و دەستکەوتەکانی فدراسیۆن وکارو چالاکیەکانی لەسەرجەم وولاتە ئەوروپیکان باس لێکرد و پاشان داوایان کرد رفیوجی کنسل چ کارێك دەتوانی ئەنجام بدات لەپال کەمپینی فیدراسیۆن، بەریز (Bob) رای گەیاند سەرجەم هەوالەکان لەسەر پەنابەران و کارو چالاکی یەکانی فیدراسیۆن

بلاو دەکەنەوە و وە خۆشیان وەك کەمپینی ڕێکخراوی ناوبراو لەکارو چالاکیەکان وە بەمحدودیتێك هەیانە بەشداری دەکەن و هەوالی ئێمە دەگەیەنە ناوەندی میدیاکان.

•ڕۆژی 22-8 بەرپرسی فدراسیۆن چاوی کەوت بە (سەوسن سەلیم) بەرپرسی ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کورد و (نادیە محمود) بەرپرسی سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ بەرگری لەمافەکانی ژنان وهەردوو ڕێکخراوی ناوبراو ئەوپەری پشتیوانیان لە کەمپینی فدراسیۆن ڕاگەیاند و ئیمزای خۆیان دا لەکەمپینی فدراسیۆن.

•پەیوەندی (دەشتی جەمال) بە (سەعید ئەبو دوحە) لەرێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی (عفو دوەلی) بەدوای قسەوباسی بەدریژی لەسەر ئەوزاعی پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا و گیراوەکان لەگرتووخانە دەست بەسەرەکان و معامەلەی نا ئیسانی لەگەل پەنابەران ڕێکخراوی ناوبراو دژ بەگیرانەوەی پەنابەران وتاکیدیان لەسەر نائەمنی عیراق کردەوە و ڕاگەیاندنێکیان دا لەسەر ئەم کردەوە ناقانوونی یەی حکومەتی بەریتانیا و عیراق و کوردستانیان بە نائەمن لەقەلەم دا ولەنیو چەند ملیون نوسینگەگانی خۆیان لەسەرتاسەری دنیا بلاویان کردەوە.

•نامەی بەرپرسی فدراسیۆن لەبەریتانیا بە (چارلس کلارك) وەزیری ناخۆی بەریتانیا لەگەل تقدیم کردنی 2500 ئیمزای نارەزایەتی دژ بەگیرانەوەی زۆرەملی پەنابەرانی عیراقی کە خواستەکانی بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری و دەست بەجێ بەردانی گیراوەکانی و کردنەوەی مەلەف و گیرانەوەی خزمەت گوزاریەکان بە پەنابەران تیا هاتبوو تەسلیم بە وەزارەتی ناخۆ کراوە

4- دەنگدانەوەی کەمپینی فدراسیۆن لەنیو مدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

• چاوپێکەوتنی کەنالی سەتەلایتی الجزیرە لەگەل (سەعدی حەسەن، دەشتی جەمال) لەسەر وەزعیتی پەنابەران و کەمپینی فدراسیۆن هەمان ڕۆژ هەوالەکانی بلاوکرایەوە.

• چاوپێکەوتنی بی بی سی بەشی میدلاند لەگەل (جاسم غفور) بەرپرسی فدراسیۆنی گشتی پەنابەرانی عیراقی لە شاری نوتین هام لەگەل چەند ڕۆژنامەی محەلی کە هەولەکانی یان بلاوکردەو لەنیو سایتی (indymedia) بەرەسمەو خۆپشاندانەکانی پەنابەرانیان لەنیو سایتەکانیاندا بلاوکردەوە.

• چاوپێکەوتنی سایتی بی بی سی لەگەل (بورهان فەتاح) بەرپرسی فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە شاری مانچستەر لەپال قسەو باسەکانی هۆم ئۆفیس و ئەندام پەرلەمانەکان دژ بەسیاسەتی گیرانەوەی پەنابەرانی کورد قسەکانی بلاوکرایەوە.

• وەکالەتی ڕۆیتەر لەسایتەکەیان کە جیهانی یە هەوالەکانی خۆپشاندانی فدراسیۆن وخواستەکانی پەنابەرانیان بلاوکردەوە چاوپێکەوتنیان لەگەل بەرپرسی فدراسیۆن و فەرهاد سەلام ئەنجام دا.

• ڕادیووی بی بی سی بەشی ئۆکس فۆرد لەگەل (دەشتی جەمال) چاوپێکەوتنی کرد لەسەر ئامانجەکانی کەمپینی فدراسیۆن دژ بەناردنەوەی پەنابەران و چەند ڕادیوی ترلەگەل (دەشتی جەمال، سورمە حەمید، نوری بەشیر، فەرهاد سەلام، سەعدی حەسەن) لە خۆپشاندانەکانی بەردەم هۆم ئۆفیس چاوپێکەوتنیان کرد.

• هەردوو ڕادیووی شەبەنگ لە ستۆکۆلم وڕادیوی هاوپشتی لەیۆتۆبۆری لەسوید لەگەل (دەشتی جەمال) و کارو چالاکیەکانی فدراسیۆن چاوپێکەوتنیان کرد.

• ڕۆژنامەی ئندبیندنت (INDPENDENT) لەگەل بەرپرسی فدراسیۆن لە بەریتانیا چاوپێکەوتنیان کرد و ڕۆژی دوای هەولەکانی بلاوکرایەوە.

• ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی وینەو خۆپشاندانەکانی بەردەم هۆم ئۆفیس بەریتانیای بلاوکردەوە.

• رۆژنامەی ئۆكتۆبەری حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق لەلایەن (خەسرەو سایە) وە چاوپێكەوتنی لەگەڵ (دەشتی جەمال) كردو، كەتیادا لەسەر پشتیوانیەكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری لەسەر كەمپینی فدراسیۆن لەسەرەتای كەمپینی فدراسیۆنەوە و كارو چالاكیەكانی فیدراسیۆن لەپێناو بەرگری لە پەنابەرانی كوردوعیراقی ئەنجام دراوە لەم چاوپێكەوتنەدا هاتووە.
• تەواوی سایتەكوردیەكانی (كوردستان نیت، دەنگەكان، بۆ پێشەوە، سایتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری، NCDAC و IRRسایتی ئیراكی سولیداریتی، بەردەوام هەوال و چالاكی یەكانی دژ بەگیرانەوەی پەنابەرانیان بلاودەكردەوە و لەو بارەیەوە بەناوی فیدراسیۆنەوە ئەو پەری سپاس گوزاریین.
• تەوای بەیانی یەكانی كەمپینی فدراسیۆن ئاراستەی رێكخراوە كۆمەلەكوردیەكان، رۆژنامەكانی (الحیات، شرق ئەوسەت، زمان، گاردیان، میرە، سایتو كەنالە تەلەفیزونی یەكانی بەریتانیا نیراوە بە بەردەوامی.
• دوو ژمارە هەول نامەی فدراسیۆن لەلایەن (ریبوارعارف) ە سكرتیری فدراسیۆنی سەرتاسەریەوە تایبەت بەكەمپینی فدراسیۆن دەرچووەو بلاو كراوەتەوە.
• تەواوی بەیان و راگەیاندنەكانی فدراسیۆن لەنیو شارەكاندا و لەنیو ریستوانە كوردیەكان بلاو كراوەتەوە

5- لەپەیوەند بە پەنابەر گیراوەكان لەگرتووخانە دەستبەسەرەكاندا

فدراسیۆن بەردەوام بوو لەهەولی بەردانی ئەو پەنابەرانەی گیراون و لەو پەیوەندەدا لەگەل چەندین پاریزە پەیوەندی كردوە دوای هەول بۆ بەردانی گیراوەكان تا ئیستا چەند پەنابەری كورد ئازاد كراون و چەند پەنابەری تر فیدراسیۆن لەهەولدایە و پاریزەری بۆ گرتوون و لەلایەن چەند رێكخراوی تر فۆرم بۆ ئەو پەنابەرانە نیراوە بۆ ئازاد كردنیان، هەوالەكانی ژیانو گوزەرانی نیو گرتووخانە دەست بەسەرەكان و مامەلەی كارمەندانی ئەم ناوەندانەی بە دامو دەزگاكانی راگەیاندن گەیاندراوە و چاوپێكەوتن لەگەل پەنابەرانی گیراو ئەنجام دراوە و نیراوە بۆ سایتی رێكخراوە ئینسانی یەكان و بلاوكراوەتەوە

پیشرەوەیەكانی ئەم دەورەی بزوتنەوەی پەنابەری ودەوروجیگەو رێگەی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە هەنگاو بەهەنگاوی ئەم پشرەویانەدا بەرهەمی یەككگرتووی و كاری رێكخراوەی پەنابەران و هاتنە مەیدانیانە بۆ داكۆكی لەمافو خواستە ئینسانی یەكانی پەنابەران، دەرس و تەجروبەیەكە كە دەتوانێ پێمان بلی كاری پێكەوەی و كۆبوونەوە لەدەوری یەكتر و بەدەستهینانی پشتیوانی خەڵكی ئازادی خوازو ئینسان دۆستو چەپ ویەكیەتی كرێكاریەكان ئیمكانی هەیەو تەنها رێگایەكە بۆ پاشەكشێ پێكردن بە هەر سیاسەتێكی رەگەزپەرستانەو نائینسانی.

پێویستە خەباتی خۆمان دریژە پێ بدەین لەپال فیدرسیۆن رابوەستیین بۆ هەلوەشاندنەوەی یەكجارەكی (بریاری ناردنەوەی زۆرەملی) پەنابەران رێگە نەدین هیچ لایەك كیشەی پەنابەران بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بەكارهێنن.

فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا
2005-9-21